Kurdi/sorani

HUS

# پاڵپشتیکردنی گەشەکردنی قسەکردنی منداڵی فرەزمانی





گەشەپێدانی زمانی ماڵەوەی منداڵەکە. ئەو زمانەی کە ڕاهێنانی لەسەر دەکرێت گرینگە کە بەشێوەیەکی فرەلایەنە بەکاربهێنرێت: سڵاو کردن و پرسیارکردن و ڕا دەربڕین و شت بۆ گێڕانەوە و نوکتە و گاڵتە کردن و داوا لێکردن و دەربڕینی هەستەکان. بەهرەی باشی زمانی ماڵەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ فێربوونی زمانی فینلەندیش. هەندێك جار منداڵ زۆر گوێبیستی زمانی ماڵەوە دەبێت، بەڵام فینلەندییەکە کەمتر. لەو کاتەدا گرینگە کە دەرفەتی زیاتر بۆ منداڵ بڕەخسێنرێت بۆ ڕاهێنان کردن لە زمانی فینلەندیدا (بۆ نموونە، یانەکان ، خولیاکان، هاوڕێی یاری کردن).

لە پێناو گەشەکردنی قسەکردنی منداڵانی هەموو تەمەنەکان، ئەوە سوودبەخشە کە لەگەڵ منداڵ قسە بکرێت و پێکەوە لەگەڵیدا شت بکرێت. قسە لەگەڵ منداڵەکە بکە تەنانەت ئەگەر هێشتا بە کەمیش زمانی ماڵەوە دەزانێت یان با نەشزانێت وەڵام بداتەوە. منداڵ بەو شێوەیە فێری وشەکان دەبێت کە لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر دووبارە بکرێنەوە. منداڵەکەت لە کردەوەکانی ژیانی ڕۆژانەدا لەگەڵ خۆتدا بەشدار بکە ، لەسەر ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرەکەتاندا ڕوو دەدەن قسەی بۆ بکە، لەگەڵ منداڵەکە دەمەتەقێ بکە، ئەو شتانەی کە پێکەوە بەسەرتان هاتووە بیهێنەوە یادی، گوێ لە منداڵەکە بگرە، یاری و گەمەی لەگەڵدا بکە. لەبەر ئەوەی منداڵ لە بارودۆخی گفتوگۆی ڕاستەقینەدا بەشێوەیەکی باشتر فێری زمان دەبێت، بۆیە باشتر وایە کە منداڵ ڕۆژانە تەنها بۆ ماوەیەکی کەم تەماشای تەلەفیزیۆن یان تەلەفۆنی مۆبایل و ئایپاد بکات. بەرنامە تەلەفیزیۆنیەکان و ڤیدیۆکانیش باشتر وایە بە زمانی ماڵەوە بن یان بە زمانی فینلەندی بن.

گەشەکردنی قسەکردنی منداڵی فرەزمانی دەکرێت بە هەمان شێوەی گەشەکردنی قسەکردنی منداڵی یەك زمانی بەرەوپێشەوە بچێت. بەڵام بە هەر حاڵ گەشەکردنی قسەکردنی منداڵی فرەزمانی کاری زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی منداڵەکە هەموو ئەو زمانانە فێر ببێت کە سەرپەرشتەکانی دەیانەوێت.

چاکتر وایە دایك یان باوك بەو زمانەی خۆیان لەگەڵ منداڵەکەیان قسە بکەن کە لە زمانەکانی تریان بەهێزتر و سروشتی ترە: بەو زمانەی کە خۆی بیری پێ دەکاتەوە. بەو شێوەیە منداڵ فێری زمانە دەوڵەمەندەکەش دەبێت. ئەوە گرینگە کە منداڵ لەگەڵ خێزانەکەیدا زمانێکی کارای هەبێت بۆ ئەوەی لە کاتی گەورەبوونیشیدا بتوانێت لەگەڵ خێزان و خزم و کەسەکانیشیدا گفتوگۆ بکات. ئەگەر لە خێزانەکەدا چەند زمانێك بەکاردەهێنرێت، چاکتر وایە بەر لەوەی منداڵ لە دایك بێت بیر لەوە بکەنەوە کە کام لەو زمانانە دەیانەوێت منداڵەکە فێریان ببێت. وا بە باش دەزانرێت کە یەکێك لە گەورەتەمەنەکان بەو زمانەی کە هەڵی دەبژێرێت بە بەردەوامی لەگەڵ منداڵەکەدا قسەی پێ بکات. ئەگەر دایك و باوکەکە زمانی دایکییان جیاواز بوو، هەر یەك لەوان دەتوانێت بە زمانە تایبەتەکەی خۆی لەگەل منداڵەکە قسە بکات.

منداڵ پێویستە گوێی لێ بگیرێت و بە ڕادەی پێویست ئەو زمانانەی لەگەڵدا بەکاربهێنرێت کە دەویسترێت ئەو فێریان ببێت. ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵدا ئەو کەسانەی کە بە زمانی ماڵەوە قسەی لەگەڵ دەکەن کەم بن، لەو کاتەدا وا پێویست دەکات کە لە ئاسایی زیاتر کار بکرێت بۆ



لە پێناو گەشەکردنی قسەکردنی منداڵانی هەموو تەمەنەکان، ئەوە سوودبەخشە کە لەگەڵ منداڵ قسە بکرێت و پێکەوە لەگەڵیدا شت بکرێت.

## منداڵی کۆرپە و منداڵێک کە تازە گرۆگاڵ دەکات (٠ - ٢ ساڵان)



منداڵێکی کۆرپە کە تازە لە دایك بووبێت هێشتا لە قسە تێ ناگات، بەڵام ، بۆ ئەوەی منداڵە کۆرپەکە ئارەزووی بچێتە سەر قسە و لێکتێگەیشتن، باشتر وایە گەورەکان لەگەڵ ئەویشدا قسە بکەن و وەڵامی دەنگەکان و جووڵەکانی بدەنەوە. بۆ منداڵی کۆرپە گرینگە کە پێکەوە لەگەڵ گەورەکاندا جیهان بپشکنێت. باش وایە کە دایك یان باوك ئەو شتانەی کە لە ژیانی رۆژانەدا دەیکەن بۆ منداڵە کۆرپەکەی بگێرنەوە (بۆ نموونە بووترێت کە؛ ئێستا حەفازەکە دەگۆرین») و ناوی ئەو شتانە بووترێت کە منداڵەکە ئارەزووی لەسەریان هەیە. منداڵی کۆرپە حەز لە گۆرانی و هەڵبەست و ئەو شتە هەیە کە دایك یان باوك لە کاتی قسەکردن لەگەڵیدا ئاوازی دەنگی خۆیانی بۆ بگۆرن.

منداڵی کۆرپە بەر لەوەی وشەکان دەربرێت لەپێشا فێری ئەوە دەبێت کە لێیان تێ بگات و هەستەکانی خۆی بە گریان و دەنگ دەرهێنان و روخسار و ئیشارەت دەردەبرێت. بە گشتی لە تەمەنی نزیك ١ ساڵاندا ئینجا دەربرینی وشە سەرەتاییەکان دەست پێ دەکەن.

• لەگەڵ منداڵە کۆرپەکەدا پێکەوە تەماشای کتێبی وێنەداری سادە بکەن. لە سەرەتادا وێنەکان پێشانی منداڵەکە بدە و ناوی وێنەکان بۆ منداڵەکە بڵێ. ئینجا کە منداڵەکە دەستی بەوە کرد کە خۆی دەست بۆ وێنەکان درێژ بکات گرینگە لەو کاتەدا ناوی ئەو وێنەیە بە منداڵەکە بڵێیت کە دەستی بۆ درێژ کردووە. لەو کاتەدا کە منداڵە دەست دەکات بە دەربرینی وشە سەرەتاییەکان، دەتوانیت منداڵەکە هان بدەیت بۆ لاساییکردنەوە، بۆ نموونە لاساییکردنەوەی دەنگی ئاژەڵەکان و وشە ئاسانەکان.

• پێکەوە یاری پارچەلێکنانەوەی دوگمەدار بکەن. ناوی وێنەکانی یاری پارچەلێکنانەوەکە بڵێ و لەگەڵ بەرێوەچوونی یارییەکە قسەی خۆت لەسەر رێچکەی یارییەکە بڵێ (بۆ نموونە بڵێ « دەسخۆش، شوێنی قازەکەت دۆزیەوە!»).

• یاریەکانی «چاوشارکێ» و «پیکەبوو» لەگەڵ منداڵەکە بکەن. بۆ نموونە رووی خۆت یان هی منداڵەکە بە دەست یان بە لەچکێك داپۆشە، کەمێك رابوەستە، ئینجا دەستت یان لەچکەکە لەسەر رووی خۆت یان ئەو لابدە و بە خۆشیەوە بڵێ « کوککوو».

• تۆپێك بۆ یەکتر تێگرن یان بۆ یەکتری گلۆر بکەنەوە/ پێکەوە بە خشتە تەختەکان قەڵاچن دروست بکەن.

• ئەو کاتەی کە منداڵەکە وشە بەکار دەهێنێت، دەربرینەکانی منداڵەکە فراوان بکەرەوە (بۆ نموونە، ئەگەر منداڵەکە دەستی بۆ ئۆتۆمبێلێك درێژ کرد و وتی «ئۆتۆمبێل» دایکەکە یان باوکەکە دەتوانێت بڵێت « بەڵێ، ئەوە ئۆتۆمبێلە»).



## تەمەنی یاریکردنی نزیکەی (٢-٥ ساڵان)

لەم قۆناخی تەمەنەدا قسەکردنی منداڵ بەخێرایی گەشە دەکات و دەبێتە هەمەلایەنە. لە نزیکەی تەمەنی دوو ساڵاندا منداڵ بە گشتی دەست بەوە دەکات کە وشەکان پێکەوە بلکێنێت و رستەی کورت دەربرێت. منداڵ ئارەزووی زیاتر دەچێتە سەر دەوروبەرەکەی و وردە وردە دەست دەکات بەوەی کە لەو قسانەش تێبگات کە پەیوەندییان بەو بارودۆخەوە نیە کە لەو کاتەدا تیایدایە. بە درێژایی گەورەبوونی منداڵ دەکرێت لەبەرەوە بەشێوەی هەمەلایەنەتر قسەی لەگەڵدا بکرێت. منداڵ ئەوەی پێ خۆشە کە ئەو کەسە گەورەتەمەنەی کە لەگەڵیدایە ئەوەی پێشان بدات کە بایەخ بە کردەوەکانی ئەو دەدات. دەکرێت منداڵەکە لە ئیشوکارە بچووکەکانی ژیانی رۆژانەدا بەشدار بکرێت و دەکرێت لەگەڵ منداڵەکە قسە لەسەر رووداوەکانی ژیانی رۆژانە بکرێت و و ئەو یاریانەی لەگەڵدا بکرێت کە مەبەستی تێدایە و یارییە تەختەییەکانی لەگەڵدا بکرێت.

• بۆ نموونە پێکەوە ئەم یاریانە بەکەن، بە بووکڵە، بە ئۆتۆمبێل، بە ئاژەڵ، بە قاپ و قاجاخی منداڵانە، بە جلوبەرگی دەور بینین یان بە لیگۆ. لە یارییەکەدا چی روودەدات و چی دەکرێت قسەی لەسەر بکە، داوا لە منداڵەکە بکە ئەویش لەبارەی یارییەکەوە شت بڵێت و پێشنباری رووداوی تازەش بکە بۆ ناو یارییەکە.

• ئەو جۆرە کتێبە وێنەدارانە بخوێننەوە کە چیرۆکی بچووکیان تێدایە. لەگەڵ منداڵەکە قسە لەسەر چیرۆکەکە بکە و لەبارەی چیرۆکەکەوە یان لەبارەی وێنەکانەوە پرسیار لە منداڵەکە بکە.

• پێکەوە وێنە بکێشن و وێنە رەنگ بکەن. قسە لەسەر ئەوە بکە کە وێنەی چی دەکێشن و بۆ نموونە چیرۆکێك دابهێنن کە پەیوەندیی بە وێنەکەوە هەبێت.

• پێکەوە برۆن بۆ دەرەوە و لە سروشت و ژینگە ورد ببنەوە. بۆ نموون بە دوای بەرد و گەڵای رەنگاو رەنگ یان بەدوای مەگەز بگەرێن و قسەیان لەسەر بکەن.

• یاریی گونجاوی زاکیرە و یاریی تەختەیی لەگەڵ منداڵەکە بکەن. دەتوانن ئەو جۆرە یاریانە لە کتێبخانەی گشتی بە قەرز بهێنن.



• یاریی وشە بکەن. بۆ نموونە نۆرە بە یەکتر بدەن بۆ دۆزینەوەی ناوی ئەو ئاژەڵانەی کە پیتی یەکەمی بە (ئا) دەست پێ دەکات. یاریی ڕوونکردنەوەی وشە بکەن کە لە یارییەکەدا یەکێك لە یاریکەرەکان وەسفی شتێك دەکات و ئەوی تر هەڵیدەهێنێت کە ئەو شتە چیە (بۆ نموونە Junior Alias) چیە.

• ئەو یارییانە بکەن کە تیایاندا دەبێت ڕێسا پێڕەو بکرێت (بۆ نموونە، ڕاوڕاوکێ و چاوشارکێ).

• کاتێك کە قسە لەگەڵ منداڵەکە دەکەیت، لە قسەکانتدا وشەی **وەسف بەکەر** بهێنە (بۆ نموونە ‹› بە خۆشحاڵیەوە››، ‹›بە پێچ و پەناوە››) هەروەها چەمکی کاتەکان و شوێنەکان بە وردی (بۆ نموونە، دوو سبەی دەچین بۆ مەلەوانگە››، ‹› کەوچکەکان لە چەکمەجەکەی **سەرەوە** دابنێ››.

• لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە لە قوتابخانە دەخوێنن باشتر وایە بە زمانی ماڵەوە لەبارەی ئەو شتانەوە قسە بکرێت کە لە قوتابخانەدا فێری دەبن. بەو شێوەیە کۆگای وشەکانی منداڵ بە زمانی ماڵەوەش زیاد دەکات.

## تەمەنی قوتابخانەی پێشەکی و تەمەنی قوتابخانە (٦ ساڵا ن - <)

لەو تەمەنەدا منداڵ بە ڕستەی درێژ قسە دەکات و بیر لە دیاردە هەمەجۆرەکان دەکاتەوە، بۆ نموونە هۆیەکان و ئەنجامی ڕووداوەکان. منداڵ فێری وشە چەمکیەکان دەبێت، وەکو ‹› لە نێوان››، ‹› هەندەی ئەوە›› و ‹› پێشتر››. لەگەڵ نزیکبوونەوەی دەستپێکردنی قوتابخانە دەکرێت لەگەڵ منداڵدا وردە وردە ئاشنای پیتەکان و ژمارەکان ببین. زۆر لە منداڵان لەو تەمەنەدا هێشتا حەزیان لە یاریکردن هەیە و بە ڕێگای یاریکردن فێری زمان و بەهرەکانی هاوڕێیەتی دەبن. • اقرءوا الكتب ذات القصة الطويلة. اسأل الطفل حول القصة أسئلة مثل «لماذا». تأمل مع الطفل مشاعر الشخصيات في القصة وأسباب الأحداث وعواقبها. ناقش ما إذا كان لدى الطفل خبراته الخاصة بالموضوع الذي قرأته.

• ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە چیرۆکی بچووکیان تێدایە. لە بارەی چیرۆکەکەوە پرسیاری ‹› بۆچی›› لە منداڵەکە بکە. پێکەوە لەگەڵ منداڵەکە بیر لە هەستەکانی شێوە کەسایەتیەکانی چیرۆکەکە و هۆیەکان و دەرئەنجامەکان بکەنەوە. قسە لەسەر ئەوە بکەن کە ئایا مندالەکە هەمان ئەو جۆرە ئەزموونانەی بەسەر هاتووە لەو بابەتەدا کە خوێندووتانەتەوە.

### ئەی ئەگەر ...

**1.** لە ژیانی ڕۆژانەدا کات کەم بێت بۆ ڕاهێنان لەسەر زمانی ماڵەوە؟ دەکرێت ڕاهێنانەکە هەموو سات و کاتێکی ژیانی ڕۆژانە لە خۆ بگرێت. بۆ نموونە دەکرێت لەکاتی چێشت لێنان و نانخواردندا لەگەل منداڵ بۆ نموونە قسە لەسەر ئەوە بکرێت کە ئەمرۆ چی خواردنێك لێ دەنێین، پێداویستیەکانی خواردنەکە لە کوێ کردراون، خواردنەکە چۆن لێ دەنێن، تامی چۆنە، چی لەسەر سفرەکە دادەنێین و چۆن چێشتخانەکە پاك دەکەنەوە. ئەگەر منداڵەکە زۆربەی کاتەکانی لە باخچەی ساوایانی زمان فینلەندیدا بەسەر دەبات، دەکرێت خولیایەك یان هاوڕێی یاریکردنی هاوزمانی خۆی بۆ پەیدا بکرێت.

**2.** منداڵەکە بە زمانی ماڵەو قسە ناکات؟ هەندێك جار منداڵ پێی خۆشە بەو زمانە قسە بکات کە لە باخچەی ساوایاندا فێری بووە. منداڵ نابێت زۆری لێ بکرێت یان گوشاری بۆ بهێنرێت بۆ بەکارهێنانی زمانی ماڵەوە. بەڵام باشتر وایە دایك یان باوك بەبەردەوامی هەر بە زمانی خۆیان قسە لەگەڵ منداڵەکە بکەن و ئەو شتانەی کە منداڵەکە باسیان دەکات بە زمانەکەی ماڵەوە بۆی بیلێنەوە. دەتوانرێت بۆ نموونە بەو شێوەیە ئارەزووی منداڵ زیاد بکرێت بۆ زمانی خۆی کە تەماشای بەرنامەی تەلەفیزیۆنی بکرێت بە زمانی ماڵەوە، پەیوەندی لەگەڵ خزم و کەسوکار بکرێت و منداڵەکە بە کولتووری خێزانەکە ئاشنا بکرێت.

**3.** قسەکردنی منداڵەکە بە هێواشی گەشە دەکات یانیش ئەو وشانەی کە تازە فێریان دەبێت لە بیری نامێنێتەوە؟ لە هەندێك منداڵدا هەرچەندە یارمەتیی گەشەکردنی زمانەوانیەکەشی درابێت کەچی کێشەی گەشەکردنی قسەکردن و زمانەوانی لێ دەردەکەوێت. لەو کاتەدا باشتر وایە منداڵەکە ببرێت بۆ هەڵسەنگندنی تێراپیستی زمان.

Potilasohje | Foniatrian yksikkö | Hyväksytty: Ahmed Geneid 9.6.2022

Helsinki ESPOO ESBO Vantaa

Kuvat: Pexels